https://doi.org/10.26682/hjuod.2023.26.2.21
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 26، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی و کومەلناسی)، بپ 323-339، 2023

# نیچەکەی دولۆز: دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە لە ڕێگای نیچەوە

ئازاد حەمە عبدالله
بەشی باخچێ مندالان، کۆلێژا پەروەردا بنیات، زانکۆا سلێمانیێ، هەرێما کوردستانێ-عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەکولینی:23 تیرمەهـ ، 2023 ، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: : 28 تەباخێ، 2023 ))*

## پوختە

**نیچەکەی دولۆز، ئەو نیچەیەیە، کە فەلسەفەکەی، لەگەڵ خواستە فەلسەفییەکانی دولۆز دا دەگونجێت و لە بیرکردنەوەی سەردەمی ئێمەشدا شوێنی دیارە. ئەم شوێنە،کە لە پەیوەندیدایە بە چۆنیەتی دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە کاراش بووە لە رووبەروبوونەوەی فەلسەفە و کولتوری رۆژئاوایی. مەبەستمان لە نیچەکەی دولۆز، ئەو نیچەیەیە، کە دولۆز لەمیانەی دووبارەخوێندنەوەی فەلسەفەی نیچەوە نیچەیەکی بۆ خۆی داهێناوە، ئەو نیچەیەش مانایەکی نوێی بۆ فەلسەفە دۆزییەوە. ئەم مانایە هەر تەنیا پەیوەندی بە دەقە فەلسەفییەکانی نیچەوە نییە، کە پرن لە توندی، سەلیقیەی لە دەربڕین، توانا لە دژایەتی، نەکردنی راستی بە ئامانجی سەرەکی فەلسەفە، ڕەتکردنەوەی لۆژیک و سیستەم، بگرە پەیوەندی بەو خوێندنەوە فەلسەفییانەشەوە هەیە بۆ بیری نیچە کراوە، ئەڵبەتە دیارترینیان خوێندنەوەی فەلسەفییانەی دولۆزە بۆ نیچە، کە فەلسەفەیەکی جیاواز و نادوبارەی لەناو دەقەکانی نیچەدا دەرهێناوە.**

**هەروەها لە توێژینەوەکەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک، گرنگترینیان، ئەوەیە، کە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی خوێندنەوەکەی دولۆز بۆ نیچە، کە شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی دولۆزی گۆری و سەرەتایەکیشی بۆ دامەزراندنی فەلسەفەی جیاوازی لای دولۆز دانا. بەمجۆرە لە توێژینەوەکەدا ئەو نیچە دولۆزییە نیشاندەدەین، کە فەلسەفەیەک لەسەر بنەمای تراژیدیا بونیاددەنێت و دابرانیش لە دیالیکتیک دەکاتە بناغە بۆ دروستکردنی فەلسەفەیەک جیا لەوەی پێش خۆی هەبووە. بۆ ئەوەش پێویستمان بەوە دەبێت، توێژینەوەکە ڕوونکردنەوەی دەقە فەلسەفییەکانی نیچەش لەخۆ بگرێت. هاوکات نیچەکەی دولۆز خوێندنەوەی دولۆزە بۆ نیچە و گەڕانیشە بەدوای شتگەلێکی هزری کە لە کارە فەلسەفییەکانی نیچەدا دۆزینەوەی شیاوە، لەوانە: کاری فەلسەفە، پەیوەندی نێوان مانا و بەها، ویست، ئارەزوو و.... بۆیە دەپرسین: چۆن دەتوانین لە نیچەکەی دولۆز تێبگەین؟ ئەم جۆرە نیچەیە چ جۆرە پرسێک دەجولێنێت؟ تەقەلایەکە بۆ دۆزینەوەی مانا لە فەلسەفەدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش لەم توێژینەوەیەدا لەسەر سێ تەوەرە دەوەستین، کە لە هزری نیچەکەی دولۆز دا مانادارە: ویست بۆ دەسەڵات، گەڕانەوەی هەمیشەیی، هیچگەرایی.**

***کلیلە وشەکان:*** نیچە، دولۆز، مانا، فەلسەفە، ویست بۆ دەسەڵات، هیچگەرایی، گەرانەوەی هەمیشەیی

## پێشەکی

ژیل دولۆزDeleuz Gilles (1925-1995)یەکێکە لەو بیرمەندە هاوچەرخە فەرەنسییانەی فەلسەفەی جیاوازی دامەزراندووە و نووسەری دیارترین لێکۆڵینەوەی فەلسەفیشە لەسەر نیچە. ئەڵبەتە لەنێوان ئەو فەیلەسوفانەی دولۆز زێدە گرنگی پێداون و کاریگەریشی لەسەر هزرە فەلسەفەییەکەی دروستکردووە نیچەیە. خوێندنەوەی دولۆزانەی نیچە پێویستییەکی فەلسەفییە لەلایەک بۆ تێگەیشتن لە کێشە فەلسەفەییەکانی نیچە و لەلایەکی تر بۆ نزیکبوونەوە لە خودی فەلسەفەی جیاوازی دولۆز، کە بە بەشێک لە گوتاری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیی دادەنرێت. بۆیە دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە لە ڕێگای نیچەوە لەوێوە دەگاتە ئامانجی خۆی، کە ویست بۆ مانا و ویست بۆ دەسەلات، یان ویست بۆ راستی لە هزری نیچەدا ناوەڕۆکی ئەو تێیۆرییانەی شیکردنەوە دەردەخات، کە لە پاش نیچە کارابوونە.

لەم توێژینەوەیەدا شیکاری بۆ تێگەیشتنی فەلسەفیی دولۆز سەبارەت بە چەمکە سەرەکییەکانی نیچە دەکەین(ویست بۆ دەسەڵات، گەرانەوەی هەمیشەیی، هیچگەرایی)، تا لەرێگای ئەوەوە مانا بۆ فەلسەفە بدۆزینەوە. بۆ ئەوەی ئەم مانایەش دیاریکەین، لە توێژینەوەکەدا دەپرسین ئایا رێبازێکی دیاریکراو تایبەت بە بیری نیچە

هەیە؟ دەکرێت بیری فەلسەفیی نیچە وەک بیرێکی یەکانگیر تەماشابکرێت؟ دولۆز لە نیچەدا بەدوای چیبیدا وێڵە؟ ئەوەی دولۆز لە نیچەدا پێیگەیشتووە وەڵامە بۆ نیچەییەکان و ئەوانەش، کە نەیاری هزری فەلسەفیی نیچەن؟

هۆی گەڕانەوەی دولۆز بۆ فەلسەفەی نیچە چەند لایەنییە. لەلایەک فەلسەفەی ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دوو چرکەی گەرانەوە بوو بۆ نیچە. لەلایەکیتر ئەو پەیامە هزرییانەی لە تێکستە فەلسەفییەکانی نیچە دا ئامادەبوون هاریکاربوون بۆ ئەو گەرانەوەیە، لەوانە دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە. هاوکات هەڵە خوێندنەوەی نیچەش لە دەمی دولۆز دا هۆکارێکیترە بۆ دوبارەخوێندنەوەی فەلسەفەی نیچە لەلایەن دولۆزەوە. سەرباری ئەوە، هزری رەخنەیی لە فەلسەفەی رۆژئاوا پێش نیچە بە چەند ئاقارێک تێپەریوە، لەگەڵ نیچە فەلسەفەی رۆژئاوا دەکەوێتە ناو بازنەیەکی نوێ لە رەخنەی فەلسەفییەوە. بۆیە فەلسەفەی نیچەکەی دولۆزدا دید و ڕەخنەی نوێ بەرهەمدێنێت، کە مانا بۆ فەلسەفە دروستدەکەن.

کێشەی توێژینەوەکە:کێشەی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی مانایە بۆ فەلسەفە لە ڕیگای نیچەوە، کە ئەمەش دولۆز کاری لەسەرکردووە، بۆ ئەوەی ئەم مانایەش دیاریکەین، لە توێژینەوەکەدا دەپرسین ئایا رێبازێکی دیاریکراو تایبەت بە بیری نیچە هەیە؟ دەکرێت بیری فەلسەفیی نیچە وەک بیرێکی یەکانگیر تەماشابکرێت؟ دولۆز لە نیچەدا بەدوای چیبیدا وێڵە؟ ئەوەی دولۆز لە نیچەدا پێیگەیشتووە وەڵامە بۆ نیچەییەکان و ئەوانەش، کە نەیاری هزری فەلسەفیی نیچەن؟

ئامانجی توێژینەوەکە:ئەم توێژینەوەیە، جگەلەوەی هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی فەلسەفییانەی دولۆز بۆ فەلسەفەی نیچە و دۆزینەوەی ماناش بۆ فەلسەفە جۆرە کارکردنێکی تریشە لەسەر کاریگەریی فەلسەفەی نیچە لەسەر دولۆز و ئەوەش، کە چۆن نیچەکەی دولۆز هەردوو چەمکی مانا و بەها دەخاتە ناو فەلسەفەوە.

مێتۆدی توێژینەوەکە:لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاری بەکاربراوە هەتا لە ڕێگای شیکارکردنی جۆری خوێندنەوەی فەلسەفییانەی دولۆز بۆ گوتاری فەلسەفیی نیچە ئەوە بخەینە ژێرپرسیارەوە، کە دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە لە ڕیگای نیچەوە گرنگی خۆی هەیە.

گرنگی توێژینەوەکە: لە فەلسەفەی نیچەدا، لەڕێگای تێخوێندنەوەی دولۆزەوە، بەهایەکی هزریی و مرۆیی و ژیانی بەدیدەکەین. بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە رۆشنایی خستنەسەر شێوەی مامەڵەی دولۆز لەگەڵ هزری فەلسەفیی نیجە، کە کارکردنی دولۆز لەسەر فەلسەفە دەکات بە جۆرە کارکردنێکی بیرکردنەوەییانە، بە کردەیەک لە بیرکردنەوە و چەمک داهێنان و دەربازکردنی خوێندنەوەی نیچە لە بەهەڵەتێگەیشتن.

گریمانەی توێژینەوەکە:توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە لە فەلسەفەی جیاوازی دولۆز دا دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە لە ڕیگای نیچەوە لە پەیوەندیدایە بە تەکنیکی لێکدانەوەی نیچەکەی دولۆزەوە، کە لەسەر بناغەی ڕەخنەی نیهیلیزم، گەڕانەوەی هەمیشەیی و ویست بۆ دەسەڵات سەرەتا بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفیی دادەمەزرێت و دۆزینەوەی ماناش بۆ فەلسەفە گرنگدەکات.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە:ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چوار بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا لەڕێگای سێ باسەوە قسە لە دولۆز و میراتی نیچە لە فەرەنسا دەکەین. لە بەشی دووەمدا بەهۆی دوو باسەوە لێتوێژینەوەدەکەین لە ویست بۆ هیچبوون و تێگەیشتنی دولۆز. لە بەشی سێهەمدا باس لە سروشتی ویست بۆ دەسەڵات دەکەین و لە کۆتا بەشدا باس لە سرودی گەڕانەوەی هەمیشەیی بەپێی نیچەکەی دولۆز دەکەین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: دولۆز و میراتی نیچە لە فەرەنسا

### باسی یەکەم: نیچەخوازی فەرەنسی

بەفەرەنسیکردنی نیچە بۆ نەوەیەک لە فەرەنسا پێویستییەکی فەلسەفیی بووە و نیچەخوازی Nietzscheanism یش لە فەرەنسا دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی نیچە گەشەیکردوە. ڕەنگە ئەمەش خەونی نیچە بووبێت و لەم

روەشەوە زۆرجار ئاماژەی بەوە کردووە، کە زیاتر هەست بە ماڵەوەبوون دەکات لەگەڵ کولتوور و زمانی فەرەنسی، تا ئەڵمانی. زیاتر لە جارێک پەشیمانی دەربریووە، کە بە زمانی ئەڵمانی دەنووسێت، نەک بە زمانێکی شلتر و یاریزانانەتر و مۆسیقی وەک زمانی فەرەنسی. زۆرجاریش هەستی کردوە خزمە ڕۆحییەکانی لە ڕۆژئاوای ڕاینRhine نیشتەجێن، هاوڕێیەتی فەلسەفی مۆنتاین و ڤۆڵتێر و لارۆشفوکۆ La Rochefoucauld ی لە هاوڕێیەتی لایبنیز، کانت یان هیگڵ پێ باشتر بووە(Schrift, 1995).

لە ڕووی مێژووییەوە بیریاران لە فەرەنسا هەردەم لە مامەڵەدابوونە لەگەڵ فەلسەفەی ئەڵمانی و لەپاش جەنگی جیهانی دووەمیشەوە فەرەنسییەکان زۆرتر کراونەتەوە بەرامبەر بە فەلسەفەی ئەڵمانی و ئەڵبەتە نیچە و هایدیگەریش لەم کرانەوەیە پشکی شێریان بەرکەوتووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی بنەماخوازی Structuralism نیچە بووە ئەو فەیلەسوفەی کاریگەریی لەسەر هزری فەرەنسیی دانا و میراتی فەرەنسی نیچەش لەگەڵ بیرمەندەکانی پاشبنەماخوازی(دێریدا، دولۆز، فۆکۆ و هێلین سیکسۆHélène Cixous) زۆرتر گڕیگرت(Ibid).ئەوەتا گاری گوتینگ Gary Gutting لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا،"چۆن هەموو نیچەیی بوون"، ئاماژە بەوە دەکات، کە کاریگەریی نیچە لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی(فوکۆ، دولۆز و دێریدا)شتێکی بەرچاوییە،بەتایبەت لەو شوێنەی پەیوەندی بە ڕووبەرووبوونەوەی فەلسەفەی هیگڵەوەیە. بە پێی لێکدانەوەکانی دولۆز بێت نیچە دیالێکتیکی هیگڵی ڕەتکردەوە و لە ڕێگەی ڕەوشتی کانتیشەوە دولۆز تەماشای فەلسەفەی بەهای نیچەی دەکرد و بەئیلهاموەرگرتنیش لە نیچەوە کاری لەسەر چەمکی دژە ئەفلاتونیزم دەکرد(Gutting,2013).

بەڵام لە ڕاستیدا نیچەیزمی فەرەنسی مێژوویەکی دوور و درێژتری هەیە لەوەی لای سەرەوە ئاماژەی پێدرا، کە مرۆڤ دەتوانێت سێ چرکەی ئەم نیچەیزمە دەستنیشانبکات: یەکەم لە نێوان نووسەرانی هەردوو چەپی ئاڤانگارد Avant-gard و ڕاسترەوە نیوریالیستیەکانی سەرەتای ساڵانی 1890 تا جەنگی جیهانی یەکەم؛ دووەم لە نێو ڕۆشنبیرانی ناکۆنفۆڕمیست Nonconformist لە ساڵانی پێش و دوای جەنگی جیهانی دووەم؛ کۆتا چرکەش، چرکەی چەپە پاشبنەماخوازەکانە، لە نێوان فەیلەسوفە فەرەنسییەکانی ساڵانی 1960 و 1970کان، تەشەنەیسەند. شایانی باسە،سەرەتا نیچە لەڕێگای وەرگێرانەوە بەرەو فەرەنسا خۆی پەلەکێشکرد و یەکەم کاریشی لە1877 دا بەناوی"ڤاگنەر لە بەیروت"وەرگێڕدرا.دواتر"ئەم مرۆڤە" Ecce Homo لە ساڵی 1909کرا بە فەرەنسی (Schrift,2010,19)،بەڵام ئەم پێشوازییە گەرمە سەرەتاییە لە بەرهەمەکانی نیچە لە فەرەنسا نابێت ئەو ڕاستییە تەمومژاوی بکات، کە پەیوەندی نیچە لە فەرەنسا لەگەڵ سەرهەڵدانی پاشبنەماخوازیPost-structuralism لە شەستەکاندا نیچەی بەرەو زۆنی فەلسەفە برد، واتە لەگەڵ چرکەی سێهەم نیچەخوازی فەرەنسی ئاقارێکی فەلسەفیی رووتی وەرگرت. کەواتە پێش ئەوەی لەم ساتەوەختە فەلسەفییە ناوازەیەی نیچەیزمی فەرەنسی بکۆڵینەوە، چەند سەرنجێک لەسەر دوو ساتەکەی پێشووتر دەدەین. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، گرنگییەکی بەرچاو لە فەرەنسا بۆ بیرکردنەوەی نیچە هەبوو، بەڵام ئەمە بە پلەی یەکەم لە دەرەوەی زانکۆ بوو و کاتێکیش نیچە لە زانکۆ کارابوو، لە دەرەوەی فاکەڵتی فەلسەفە کارابوو(Ibid,20).

پرۆفیسۆرێکی ئەدەبیاتی ئەڵمانی هێنری لیختنبێرگەرHenri Lichtenberger (1864-1941) لە ساڵانی1902-1903دا خولێکی لە سۆربۆن لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئەڵمانی لەسەر نیچە وتەوە و کتێبێکیشی بەناوی"فەلسەفەی نیچە" چاپکرد، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1898 دا بڵاوکرایەوە و تا ساڵی 1905 چاپەکەی گەیشتە چاپی نۆیەمی خۆی. چارڵز ئەندلەر Charles Andler (1866-1933)، کە ئەو دەمە مامۆستای ئەدەبیاتی ئەڵمانی بوو، لێکۆڵینەوەیەکی شەش بەرگی لەبارەی نیچە لە نێوان ساڵانی 1920 بۆ 1931 بڵاوکردەوە. لە دەرەوەی زانکۆ، لە ساڵانی 1890 تا سەرەتای سەدەی بیستەم، نیچە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن گروپێک لە ئاڤانگاردی ئەدەبی خوێندرایەوە، دیارترینیان ئاندرێ گید André Gide (1869-1951) و بازنەکەی بوو، کە زۆربەیان لە École Normale Supérieure لەگەڵ ئەندلەر خوێندووبوویان

(Ibid). هەروەها لە نێوان هەندێک بازنەی ئەدەبی و سیاسی ڕاسترەو خوێندنەوەی نیچە سەرنجڕاکێش بوو، کە لە ساڵانی1890 دەستی پێکرد و بەردەوامبوو تا نزیکبوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوەبوو هەڵوێستە ناسیۆنالیستی و دژە ئەڵمانییەکانی روناکبیرانی فەرەنسی وایانکرد نەتوانن چیتر بە ڕەزامەندییەوە سەیری نیچە بکەن(Ibid). لەم کاتەدا نیچە بە فاشیزم و ناسیۆنالیزم دەچوێنرا و دورخرابوەوە لە فەلسەفە.ئەمە ئەو دۆزە بوو، کە فەلسەفەی فەرەنسی پێش ساڵانی 1960کان تیایدەژیا. واتە شێوازە فەلسەفییە ناعەقڵانیirrationalism و نارەوشتیimmoralism یەکەی نیچە وردە وردە نیچەی بێبایەخ دەکرد. بەشێکی زۆریش لەو کارانەی لەو ماوەیەدا لە فەرەنسا چاپبوون پرسیاری ئەوەیان دوروژاند، بۆدەبێت فەیلەسوفێکی جددی گرنگی بە بیرکردنەوەکانی نیچە بدات؟ لەم قۆناغەدا، هەرچەندە دژایەتییەکی جددی لە نێوان سێ "قوتابخانەی" باڵادەست لە فەلسەفەی ئەکادیمی فەرەنسیدا هەبوو– پۆزەتیڤیستەکان، نیو-کانتیەکان و ڕۆحانیەکان– (Ibid,21)، بەڵام بیرکردنەوەی مامۆستایانی زانکۆ یەکگرتووبوو، لەبارەی ئەوەی، کە زانکۆ تاکە فەزای فەلسەفەی "جیددی"یە بۆ گفتوگۆ. ئەمە وایکرد فەلسەفەی نیچە بکەوێتە دەرەوەی زانکۆ و دۆزەکەش بەوجۆرە مایەوە تا دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش، ئەگەرچی نیچە لەناو توێژینەوە ئەڵمانییەکاندا وەک کەسێکی سەرەکی مایەوە و بەشێکیش بوو لە مشتومڕی کولتووری نێوان ڕاست و چەپ، بەڵام تارادەیەک هیچ لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفیی لەسەر بیرکردنەوەکانی بوونی نەبوو (Ibid,22).

لە ساڵانی 1930کان تا 1950کان، پشتگوێخستنی نیچە لەلایەن فەیلەسوفانی زانکۆوە بەردەوام بوو،بەڵام لەم ساڵانەدا، "چرکەی دووەم"ی نیچەیزمی فەرەنسی شێوەی گرت و بیرکردنەوەکەی وەک ئاماژەیەکی گرنگ بۆ تیۆریزەکەرانی ئاڤانگارد دەرکەوت و لە ساڵانی شەستەکان دا نیچە پەیوەندی بە فەیلەسوفەکانەوە بەهێز بوو. گرنگترین کەس، کە لێرەدا شایانە باسە ژۆرژ باتای Georges Bataille ە، کە لەو دەمەدا کارێکی پێویستی بەناوی" لەمەر نیچە Sur Nietzsche" چاپکرد. ئەم کتێبە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا نووسراوە و لە ساڵی 1945 دا دوای ڕووخانی نازیزم چاپ کراوە. کارەکە دووبارە خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ نیچە (Sione, 2014, 2). ئەم کتێبەی باتای پێویستییەک بوو بۆ روناکبیرانی فەرەنسی لە پاش جەنگ، لەو بارودۆخەی نیچە وەک مامۆستای رۆحی نازیزم تەماشادەکرا.لێ ئەو دوبارەخوێندنەوە شۆڕشگێڕانە سیاسییەی باتای ژینگەیەکی تری بۆ تێگەیستن لە فەلسەفەی نیچە دانا. دولۆز، کە دواتر دوو کتێبی لەسەر نیچە نوسی، لەوبارەوە قەرزاری باتایە. بەمە لەو دەمەدا لەڕێگەی باتای و پییر کلۆسۆڤسکی Pierre Klossowskiو کەسانی دیکەوە، لەنێویاندا فەیلەسوف ژان واڵJean Wahl، نیچە لە چالاکییەکانی کۆلێژی کۆمەڵناسیدا ئامادەیی بەردەوامی هەبوو(Schrift, 2010, 22). کارێکی گرنگی دیکە، کە لەسەر نیچە لەم ماوەیەدا نووسرا، ئەوەی هێنری لۆفێبر Henri Lefebvre بوو بەناوی "نیچە"، کە لەگەڵ ئەوەی باتای خواستی هاوبەشیان بۆ خوێندنەوەی نیچە دژ بە فاشیستەکان دروستکرد(Ibid,23). لیرەوە نیچەخوازی لە فەرەنسا چووە قۆناغێکی نوێوە.

سەرباری ئەوەی وترا، بە پێچەوانەی دوو چرکەکەی پێشووتر، ئەوەی چرکەی نیچە لە فەرەنسا جیا دەکاتەوە لەوانی تر چرکەی سێهەمە. لەم چرکەیەدا بیرکردنەوەی نیچە بۆ یەکەمجار لەلایەن پۆلێک فەیلەسوفی ترەوە گرنگیپێدرا. ئەم چرکەیە بۆ فەلسەفەی نیچە لە فەرەنسا لە ساڵی 1958 ەوە دەست پێدەکات، کاتێک کتێبی"بنەچەناسی رەوشت" La Généalogie de la morale دەردەکەوێت بە فەرەنسی(Ibid,24). لێرەوە نیچە بەجۆرێکیتر دەردەکەوێتەوە و ئەم کتێبەش گرنگی خۆی دەبێت لەم ساتەوەختەدا. هەر ئەم ماوەیە دولۆز لە سۆربۆن خولێک دەکاتەوە لەسەر "بنەچەناسی" و ئەوە رووندەکاتەوە، کە بۆ بنەچەناسی لە فەلسەفەی نیچە گرنگی خۆی هەیە( Ibid,25) و ئەم لایەنەش دواتر دولۆز لە کتێبی "نیچە و فەلسەفە"، 1962، بەرباسیدەخاتەوە.

سەرباری ئەوە، سەرهەڵدانی نیچەیزمی فەرەنسی بەریەکەوتنی هەبوو لەگەڵ دوو کۆنفرانسی گەورە، کە لە فەرەنسا گیرا ، کە ویسترا وەک فەیلەسوفێکی جددی مامەڵە لەگەڵ

نیچە دا بكرێت. یەكەم كۆنفرانس لە Royaumont Abbeyلە 4 ی-8ی 1964 بەڕێوەچوو و ئەم كۆنفرانسە ڕۆڵێكی بەرچاوی لە رەوایەتیدان بە فەلسەفەی نیچە بینی.( Ibid,26) ئەڵبەتە رێكخەری ئەم كۆنفرانسە دولۆز بوو. كۆنفرانسی دووەم لە Cérisy-la-Salle لەژێر ناوی "نیچە ئەمرۆ" ،لە تەمموزی 1972، سازكرا . ئەم كۆنفرانسە نیچەی خستە ناوەندی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیەوە. بەشداربوانی ئێرە بەشێكیان هەمان ئەوانەی كۆنفرانسی یەكەم بوون(دولۆز، فینک، كلۆسۆڤسكی و لۆڤیت)( Ibid,27).

باسی دووەم: نیچەخوازییەكەی ژیل دولۆز

ژیل دولۆز بەشێكی سەرەكییە لەوەی پێیدەڵێن نیچەخوازی فەرەنسیFrench Nietzscheanism و سەرەتا لە زانكۆی سۆربۆن دەستی بە خوێندنی فەلسەفە كردووە و دواتر بەرەو ئاراستەی فەلسەفەی مێژوو رۆشتوە، كە لەو كاتەدا گەورە بیرمەندانی فەلسەفەی مێژوو لە سۆربۆن وانەبێژبوونە(وەک: Georges Canguilhem, Jean Hyppolite, Ferdinand Alquié, Maurice de Gandillac). هەر لەوێ دولۆز دوو تێزی دكتۆرای دەولەیHabilitation نوسیوە، یەكەمیان لەكاتی خۆپیشاندانەكانی 68 ی پاریس لەسەر "جیاوازی و دووبارە" و لەژێر سەرپەرشتیاریی موریس گاندیلاکMaurice de Gandillac (Schrift,2009).گاندیلاک ئەو كات لە سۆربۆن پسپۆربووە لە مێژووی سەدەكانی ناوەڕاست و فەلسەفەی ڕێنێسانس و مامۆستای دولۆز و بەشێكی زۆر لە فەیلەسوفە پاشبنەماخوازەكانیش (دێریدا، فۆكۆ، ئاڵتیسێر و لیۆتار) بووە. دولۆز تێزی دووەم دكتۆرای دەولەی لەژێرسەرپەرشتیاریی فێردیناند ئالكیێ Ferdinand Alquié لەسەر"ئەزموونگەریی لە فەلسەفەدا"نوسیوە.شایانی باسە، گاندیلاک لە دیدی مێژووی بیری فەلسەفییەوە كاریگەریی گەورەی لەسەر دولۆز هەبووە و ئەمەش هۆكاربووە،كە دولۆز ریزێک كتێب لەسەر هزری زۆرێک فەیلەسوفی ناو مێژووی فەلسەفە چاپبكات، لەوانە هیوم،سپینوزا، كانت، بێرگسۆن، نیچە و فوكۆ.

دولۆز، كە بەشێكە لە گوتاری فەلسەفیی كۆنتنێنتاڵیContinental philosophyفەرەنسی و ئەورووپایی فەلسەفەكەی لەسەر چەمكگەلێكی وەک فرەیی، ڤیتالیستی vitalist، دوبارەكردن، جیاوازی و ئارەزوو خۆی دادەمەزرێنێت و شانبەشانی فوكۆ و دێریدا لەماوەی ساڵانی1960كان یەكێک دەبێت لە نیچەخوازەكانی فەرەنسا(Grace, 2014, 99). ئەم سێ بیرمەندە پاریسییە چركەی سێهەم، چركەی پاشبنەماخوازەكان، پێكدێنن و ئەمانە زو خۆیان جیاكردوە لە بنەماخوازەكان و لە دۆزەی نەریتی دامەزراوە فەلسەفییەكانی فەرەنسا( Schrift, 2010, 29). ئەگەر ڕەوتی نیچە لە بیری فەرەنسیدا بە شتێكی ئاسایی وەربگرین، بەشێكی زۆری ئەمە بۆ دولۆز دەگەڕێتەوە. پێدەچێت دولۆز لە ڕێگەی كەناڵەكانی دەرەوەی زانكۆوە بە نووسینەكانی نیچە ئاشنا بووبێت، بەتایبەتی بەهۆی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی لەگەڵ پیێر كلۆسۆڤسكی Pierre Klossowski لە ساڵانی1950 دا. یەكێكی دیكە لە كاریگەرییە سەرەكییەكانی هەمان بازنەی كۆمەڵایەتی، فەیلەسوفی بوونخوازی فەرەنسیە ژان واهلJean Wahl بووە(Grace,2014,106).

نیچەناسییەكەی دولۆز كاتێک دەستپێیكرد، كە نیچە لەناو فەرەنسا و بەتایبەت لە نێوەندی فەلسەفەیی فەرەنسی بەرەو لەكەداری دەچوو. دولۆز ئەو دەمە، بە خوێندنەوەكانی بۆ فەلسەفەی نیچە، توانی ببێتە تازەكەرەوەی هزری فەلسەفیی نیچە و خودی فەلسەفەكەی نیچەش لە لێكدانەوەی هەڵە دەربازبكات. ئەمەش لەگەڵ نوسینی ئەو دوو كتێبەی دولۆز هاوتەریببوو، كە سەبارەت بە نیچە بەچاپگەیێندران. ئەڵبەتە دولۆز، لە شیكاركەرە فەلسەفییە چەپەكانی نیچە بوو لە فەرەنسا، كە تێزەكانی نیچەی لەگەڵ چەمكە ماركسی و بیرۆكە فرۆیدییەكان راڤەدەكرد. وێڕای ئەوە، دولۆز بەهۆی كارە فەلسەفییەكانییەوە سەبارەت بە هزری نیچە رۆڵی گرنگی دی لە قڵپكردنەوەی ئەفلاتونیزم و رونكردنەوەی دژە دیالێكتیكی نیچە( Schrift, 2010,28).

ئەوەتا دەبینین دولۆز لە كتێبی" نیچە و فەلسەفە" پێیوایە، گشتیترین پرۆژەی نیچە لەمە پێكدێت:هێنانە ناوەوەی چەمكەكانی مانا و بەها بۆ ناو فەلسەفە. [...] نیچە هەرگیز نەیشاردەوە، كە فەلسەفەی مانا و بەهاكان دەبێت ڕەخنەیەک بێت. ئەمە ئەو شتەیە، كە كانت نەیكرد.

هۆکاریش ئەوە بوو، کە کانت نەیدەزانی لە ڕووی بەهاکانەوە کێشەکە بخاتە ڕوو.( Deleuze, 1983, 2003/ 4 , 3).

وێڕای ئەوە، خوێندنەوەی فەلسەفییانەی نیچە لەلایەن دولۆزەوە بناغەی بۆ نیچەناسی لە فەلسەفەی فەرەنسی و ڕۆژئاوایی دانا و شیکارییە پرسەلیقە و ڕەخنەگرانەییەکانیشی بۆ فەلسەفەی نیچە پێشەکییەکی روونبوون بۆ کارەکانی فەیلەسوفێک، کە زۆرجار بۆ هیچگەرایی، ویست بۆ دەسەڵات و وێنەی سوپەرمان کورتدەکرایەوە. بۆ ئەوەی دولۆز لە نیچەیەکی راستەقینە نزیکمانبکاتەوە دوو کتێبی لەسەر نیچە نوسی. یەکیکان بەناوی "نیچە و فەلسەفە"، کە لە 1962 چاپکرا، کە بێدەنگییەکی درێژخایەنی شکاندووە( Deleuze, 2012 , 81-91) و ئەوی تریان بەناوی "نیچە'، کە لە 1965دا چاپکرا. ئەوی دووەم زیاتر ژیاننامەی نیچە و دواتر شیکاری فەلسەفەی نیچە لە خۆدەگرێت. هەرچی کتێبی یەکەمە، ئەوا دووەم کتێبی فەلسەفیی دولۆزە و بە بەرهەمێکی بەناوبانگ و کاریگەری دولۆز ئەژماردەکرێت. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە وەک وەرچەرخانێکی بەرچاو لە خوێندنەوەی فەلسەفییانەی نیچە لە فەرەنسا سەیر کراوە. دەتوانین بڵێین ئەو کتێبە ئەو کارە فەلسەفییەیە، کە مامەڵە لەگەڵ نیچە دەکات وەک فەیلەسوفێکی جددی و سیستماتیک، کە دولۆز تیایدا باس لە چەمکەکانی وەک ویست بۆ دەسەڵات و گەڕانەوەی هەمیشەیی و هیچگەرایی دەکات. وێڕای ئەوە، کتێبی "نیچە و فەلسەفە"ی دولۆز نەک هەر نوێنەرایەتی پێشەکییەکی لەڕادەبەدەر سەرتاسەرییە بۆ کار و چەمکەکانی نیچە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی وورد و ڕەسەنیشە بۆ بیرۆکەکانی نیچە، کە ئەمەش زمانێکی فەلسەفی نوێ دەخاتە ڕوو و چەمکە نەبیستراوەکانیش دادەهێنێت. بۆیە ئەم کتێبە بە هیچ شێوەیەک شرۆڤەیەک نییە، بەڵکو کارێکی فەلسەفی جەوهەرییە بۆ پەرەپێدانی گوتارە فەلسەفییەکانی نیچە( Sione, 2014, 2).

ڕاستە خوێندنەوەی دولۆز لەوێدا بۆ فەلسەفەی نیچەکەی خۆی خوێندنەوەیەکی ئەزموونییە ( Bolanos, 2005, 7)، لێ ئەوەی لە کتێبی یەکەمی خۆی سەبارەت بە نیچە نەیوتوە لە دووەمدا وتویەتی، هەربۆیشە ناوینـاوە "نیچە".دولۆز لە "نیچە"دا ئەوە دەخاتەروو، کە نیچە دوو ئامرازی دەربڕین لە فەلسەفەدا تێکەڵ بەیەکتر دەکات، ئەفۆریزم Aphorism و شیعر. دەشێت ئەوەش بوترێت، کە لێکدانەوەکەی دولۆز بۆ نیچە لێکدانەوەیەکی سادەی فەلسەفی نییە. دولۆز لە نوسینەکانیدا هەوڵدەدات شوێنی نیچە بکەوێت و ئەوەی لە "لەدایکبوونی تراژیدیا" یان لە "زەرادەشت"دا وتراوە هێزی ماناکەی دەرخات(Делез, 2003, 11)، نەک هەر ئەوە بگرە دولۆز لە کتێبی "نیچە و فەلسەفە"دا گرنگییەکی زۆر بە دەقەکانی قۆناغی کۆتایی نیچە دەدات، بەتایبەتی "لەودیو چاکە و خراپەوە" (1886) و "لەمەڕ بنەچەناسی رەوشت" Genealogy (1887) ( Pearson, 2007, 245 -259).

وەکیتر، دولۆز لەسەر ئەو جۆرە خوێندنەوە فەلسەفییانەیە بۆ نیچە راماندێنێت، کە لەڕێگای نیچەوە جۆرێک لە فەلسەفە دێتەکایەوە دابراوە لەو فەلسەفەیەی پێش نیچە کارا بووە. بۆیە لەو پێشەکییەی دولۆز نوسیویەتی بۆ نوسخە ئینگلیزیەکەی کتێبی "نیچە و فەلسەفە" ئاماژەبەوەدەکات، کە چارەنووسی نوسینەکانی نیچە دوای مردنی بارگاوییوونە بە دوو ناڕوونییەوە:ئایا بیرکردنەوەی نیچە پێشەنگ بوو بۆ بیرکردنەوەی فاشیستی؟ئایا بیرکردنەوەی نیچە لەخۆیدا فەلسەفە بوو،یان شیعرێکی توند، ئەفۆریزمێکی ناجێگیر و پارچە پارچە؟ئەمەش لەبەرئەوەی شێوازی فەلسەفەکردنی نیچە، دولۆز وتەنی، پەرشوبڵاو و پارچەپاریە و،لە زۆر شوێنیشدا ئەفۆریزم aphorisme زاڵە بەسەر گوزارە فەلسەفییەکانی نیچەدا( Deleuze, 1983, xi, 165).

ئولێگ ئارۆنسۆن Oleg Aronson لەو پێشەکییەی نوسیویەتی بۆ وەرگێرانی کتێبی "نیچە و فەلسەفە" بۆ سەر زمانی روسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کتێبی "نیچە و فەلسەفە" یەکێکە لەو کتێبانەی توانی عەقڵیەتی سەدەی بیستەمی تیا چڕکرێتەوە. بە پێچەوانەی زۆرێک لەو بەرهەمانەی، کە تایبەت بە نیچە نوسراون ئەم کارەی دولۆز جۆرە رادیکالیەتێکی پێوەدیارە. تەنانەت واشمان لێدەکات بیر لە لێکدانەوە بکەینەوە، لەبارەی فەلسەفەی نیچە و لەبارەی ئەوەی، کە لێکدانەوە بەگشتی لە چوارچێوەی

دیسیپلینێکی فەلسەفیدا دەبێت چی بێت. ئەوەش، کە دولۆز لەسەر نیچە نوسیویەتی جیاوازە لەوەی، کە هایدگەر سەبارەت بە نیچە نوسیویەتی، کە گوایە نیچە تەواوکەری نەریتی مێتافیزیکی ئەوروپییە(Делез, 2003,5 ). دولۆز جیا لە خوێنەرانی تری نیچە بەوەشمان دەگەیێنێت، کە ڕەخنە بۆ نیچە شتێکی نەرێنی نییە، رەخنە رێگایەکە(Ibid,8).

باسی سێهەم: تەکنیکی رەخنەیی نیچەکەی دولۆز

کاتێک دولۆز دەخوێنینەوە ناتوانین بیر لە دولۆز بکەینەوە بە بێ نیچە و ناشکرێت نیچە بخوێنینەوە دوور لە دولۆز. خوێنەری کارەکانی دولۆز لەسەر نیچە ئەوە دەزانێت، کە لەسەر دەستی دولۆز نیچە دەبێتە داهێنەری "فەلسەفەیەکی ڕەخنەیی"، وەکیتریش دولۆز لەناو بیریارانی فەرەنسی هاوچەرخدا ڕۆڵی گەورەی لە دیاریکردنی تەکنیکی رەخنەیی نیچەدا بینیووە. دولۆز لای نیچە بەدوای ئەو توخمە لە رەخنە وێڵە، کە "توخمە داهێنەرەکەی مانا و بەهاکانە"(Deleuze, 1983, 2014/ 97). هاوکات دولۆز لەگەڵ نیچە رەخنەیەک پێکدێنن لە دەرەوەی رەخنەی کانتی( Rölli, 2017, 20)، ئەو رەخنەیەی بۆ فەلسەفە پێویستبوو. تەنانەت بانگەشەی دژە هێگلییەکەی دولۆزیش( Deleuze, 1983,195)، کە لە نیچەوە وەریگرتبوو، بەشێکە لەو فەلسەفە رەخنەییەی لە هزری نیچەدا پەنهانبوو( Deleuze,2004, xxvii). هاوکات ئەوەش دەشێت بوترێت، کە ئەو بیرکردنەوەیەی لەم فەلسەفە رەخنەییەی نیچەدا ئامادەیە ئامێرێکی جەنگیی و هێزێکی کۆچەرییە(Sione,2014, 3).

تەنانەت بۆ دولۆز بنەچەناسی نیچە، کە ناو دڵیدا هەندێک ڕەهەند، دووری، یان جیاوازی هەیە، توخمە گرنگەکەی بەردەستی فەیلەسوفە و ڕۆڵی تەحەداش دەبینێت لەناو پرۆسەی بەهاکاندا. هەر ئەم کارەی نیچە زەمینەی سازکرد بۆ فەلسەفەیەکی رەخنەیی، کە خودی فەلسەفەی دولۆز و فەلسەفەی رۆژئاواش پێویستی پێبوو. فەلسەفەش لای دولۆز، کە دەبێتە هونەری دامەزراندن و داهێنانی چەمکەکان(Deleuze,2005, 8) رەوتێکیتر بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەلسەفەی بەهاکانی نیچە دەدات. ئەوەتا دولۆز لە کارێکیتری سەبارەت بە نیچە، جەخت لەوەدەکاتەوە، کە فەلسەفە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. فەلسەفە هەمیشە دژی سەردەمی خۆیەتی، ڕەخنەیە لە جیهانی ئێستا. فەیلەسوف چەمکگەلێک دروست دەکات، کە نە مێژوویی و نە هەمیشەییە. بەڵام لە کاتی خۆیدایە و ناهەنووکەشە(Deleuze, 1983, 122-126). سەرباری ئەوەش، ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەیە لە بەها رەوشتییەکان، لە درێژخایەندا دەبێت خودی بەهای ئەم بەهایانە بخرێتە ژێر پرسیارەوە و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بە زانیاری هەیە لەسەر ئەو بارودۆخەی ئەم بەهایانەی پەرەپێداوە(Lundberg, 2022). بۆیە دولۆز "کێشەی ڕەخنەیی"، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:"بەهای بەهاکان، ئەو هەڵسەنگاندنەیە، کە بەهاکان لێیەوە سەرچاوە دەگرێت" ( Deleuze, 1983, 1-2). بۆیە لەسەر دەستی دولۆز دەبینین، نیچە دەبێتە داهێنەری "ڕەخنەی فەلسەفەیەکی یەکگرتوو"،(Ibid,2, 97-99 ). هاوکات نیچە کانت ئاوارە دەکات،-کە پسپۆران لە فەلسەفە بە شێوەیەکی ئاسایی بە سەرچاوەی ڕەخنەیان دەزانی.

دولۆز لە خوێندنەوەکەی بۆ نیچە بەدوای فۆرمی پاکی "ڕەخنە"،جەوهەری ڕەخنە،ناوەوەی ڕەخنەدا دەگەڕێت:واتە پرسیارکردن لە بەهای بەهاکان. چونکە نیچە بۆ دولۆز ئەو بیریارەیە، کە پرسیاری بەهای رەوشتیی وروژاند.ڕاستی توخمی بیرکردنەوە نییە. توخمی بیرکردنەوە مانا و بەهایە. بۆیە دولۆز ڕایدەگەیەنێت: "فەلسەفەی بەهاکان، وەک ئەوەی نیچە دایمەزراند و بیریلێکردەوە،هەوڵێک بوو بۆ بەدیهێنانی فەلسەفەیەکی ڕەخنەیی ڕاستەقینە، واتە فەلسەفە بە 'لێدانی چەکوش ئەنجام دەدرێت"(Ibid,1-2 ).

لەبەرئەوەی نیچە ئەو بیرمەندەیە، کە خۆی شانۆگەریی دەمامکەکانی خۆی ئاشکرا کردووە (Делез, 2003,11) مامەڵەکردن لەگەڵیا ناشێت وەک بیرمەندەکانیتر بێت. هاوکات ئێمە لە ڕێگەی دەستەواژەسازییە دولۆزییەکانەوە واڵە فەلسەفەی نیچە تێدەگەین (Bolanos, 2005, 7)، لە کارەکانی نیچەدا مشتومڕ، کە سەرەکییە لە فەلسەفە رەخنەییەکەیدا، تەنیا ئەو شەڕانگێزییەیە، کە لە نموونەیەکی زۆر قووڵ و چالاک و ئەرێنییەوە سەرچاوە دەگرێت(Deleuze, 1983, 197).رەنگە

بەشێک لە وێنەی راستەقینەی فەلسەفە رەخنەییەکەی نیچەکەی دولۆز لە " لەدایکبوونی تراژیدیا" دا (Nietzsche, 2000)ببینین .ئەمەش لەبەرئەوەی، لەگەڵ فەلسەفەی نیچە دا تراژیدیا ئەرکیتری لە ئەستۆ گرت، نیچە پشت بە تراژیدیا جۆرێک لە بیرێکی نوێی خستە ناو بیری فەلسەفی رۆژئاواوە. بیری فەلسەفی رۆژئاواش تا ئەمڕۆ لە شێوازی قووڵی نیچە لە بەکاربردنی چەمکی تراژیدیا دەکۆڵێتەوە.

بەشی دووەم: ویست بۆ هیچبوون و تێگەیشتنی دولۆز

**باسی یەکەم: بەهای هیچگەرایی**

هیچگەراییNihilism ئەو کێشە ناوەندییەیە، کە بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی نیچە لەسەری ئاراستە دەکرێن (Bolanos, 2005, 7) و شێوازی بیرکردنەوەی رەخنەییانەی نیچەش، کە ناوی هیچگەرایی لێدەنرێت سەرەتایەکە بۆ نێچەناسی دولۆز. بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی دولۆز بێت لە وشەی هیچگەرایی دا هیچ nihil بە مانای نەبوون نایەت، بەڵکو بە پلەی یەکەم بە مانای بەهای هیچ دێت(Deleuze, 1983, 147-149). گرنگە زانینی ئەوەش، کە هیچگەرایی بە مانای رەتکردنەوەی ژیان، یان هیچکردنی ئەم جیهانە دێت و یەکێکیشە لە کۆڵەگەکانی بیری فەلسەفیی نیچە. لەسەر بناغەیەکی فەلسەفیش تا ئەمڕۆ نیچە بە یەکەم فەیلەسووفی هیچگەرای رۆژئاوا دادەنرێت.

هیچگەرایی،کە بۆ زۆرێک لە توێژەران لە هزری نیچە بریتییە لە چالاکیی و کردار(Herngren, 2008)،لە هەندێک روانگەی ترەوە بە مانای پەرچەکرداری دێت. ئەمە بە مانای ویست نایەت،چونکە هیچگەرایی یان ویست بۆ هیچی تەنیا ویست بۆ دەسەڵات نییە،بەڵکو خۆی زانینە بۆ ویست بۆ دەسەڵات بەگشتی. بەپێی جیهانبینی نیچەش سەرکەوتن بەسەر هیچگەرایی واتە تێپەڕاندنی مرۆڤ.کەوابێت، هیچ لە "هیچگەرایی"دا بە واتای نکۆڵیکردنnégationی کوالیتیی ویست بۆ دەسەڵات دێت.بەم شێوەیە، هیچگەرایی بە مانا سەرەتایی و بنەڕەتییەکەی، بەهای هیچی دەگەیەنێت، کە ژیان وەریگرتووە( Deleuze, 1983, 147).

لە شیکاریی دولۆز بۆ چەمکی هیچگەرایی بەوەشدەگەین، کە هیچگەرا(نیهلیست) ئینکاری خودا و چاکە و تەنانەت ڕاستیش دەکات، ئەمەش هەموو فۆرمەکانی سەرووی هەستیارییە، کە رەتدەکرێتەوە. بۆ هیچگەرا هیچ شتێک ڕاست نییە، هیچ شتێک باش نییە، خودا مردووە. هیچی ویست چیتر تەنها نیشانەی ویست نییە بۆ هیچی، بەڵکو لە کۆتاییدا نکۆڵیکردنە لە هەموو ویستێک (Ibid, 148).ئەڵبەتە نیچەکەی دولۆز بەوەش ئاشنامان دەکات، کە ئەوە لە ڕێگەی خەیاڵەوەیە، کە شتێک دژایەتی ژیان دەکات پاشان هەموو ژیان دەبێتە ناڕاستەقینە و ساختە و وەک ڕواڵەتیش نوێنەرایەتی دەکرێت و بەمە ژیان بەهایەکی هیچ وەردەگرێت. هەر لەبەرئەوە بیرۆکەی جیهانێکی تر جیهانێکی سەروی هەستیارە بە هەموو فۆرمەکانیەوە (خودا، جەوهەر، چاکە، ڕاستی) (Ibid).

نیچە، وەك هەڵوەشێنەری گوتاری عەقڵگەرایی رۆژئاوا، لەبەر سایەی تیۆری هیچگەرایی دەیەوێت ئەوەمان پێڕاگەیێنێت، کە مێژووی مرۆڤ بریتییە لە مێژووی هیچگەرایی، بەڵام ئەم مرۆڤە کۆتایی خۆی هەیە. ئەم کۆتاییەش بریتییە لەوەی کە نکۆڵیکردن دژی هێزی کاردانەوەreactive forces دەوەستێتەوە. کەواتە هیچگەرایی، ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە، لەگەڵ مەسەلە رەوشتییەکاندا بەکاردەبرێت، بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت یاسا و رەوشت هیچ بناغەیەکی بابەتیان نییە و ئایین و مێتافیزیك ناتوانن هیچ جۆرە بەهایەکی رەوشتی بهێننە کایەوە. ئەم روانگەیەش بەڵگەیەکی قووڵە لەسەر ئەوەی، کە پرنسیپی هیچگەرایی بە مانای بێ بەهایی دێت. ئەم پرنسیپەش کاتێک دەست بەسەرهەڵدان دەکات،کە رۆژئاوا سەردەمی بەها تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ئامێزی تازەگەرییەکانەوە و دەرگاش لە قۆناغی بێ بەهایی و بێمانایی دەکاتەوە.بۆیە مێژووی مرۆڤ مێژووی هیچگەراییە، مێژووی نکۆڵیکردن و کاردانەوەیە(Ibid,198).کێشەکەی هیچگەرایی لەم حاڵەتەدا لەوێدایە، کە هێزە کاردانەوەکان و نکۆڵیکردن لە ویست دا پێکەوە هیچگەرایی بەرهەمدێنن(Deleuze, 2014, 23).

سەرباری ئەوە، مەرگی یەزدان،کە نیشانەیە لەسەر داهاتنی چرکەی هیچگەرایی گشت شتێك شیاو و ئاسایی دەکات. ئەم بڕوایە، کە دواتر لە

کارە ئەدەبییەکان لە ئەوروپا، بەتایبەت کارەکانی دۆستۆیێفسکی، رەنگی دایەوە رێگای لەبەردەم ئەدەبێکی هیچگەرادا کردەوە. بۆیە دولۆز وایدەبینێت، کە نیچە هیچگەرایی وەک ئەو بزووتنەوەیە دەستنیشان کردووە، کە مێژوو بەرەو پێشەوە دەبات. دولۆز دانبەوەشدا دێنێت، کە کەس لە نیچە باشتر شیکاری بۆ چەمکی هیچگەرایی نەکردووە.ئەوە ئەو بوو چەمکەکەی داهێنا(Deleuze,1983, xiii).

## باسی دووەم: هیچگەرایی و هزری کۆچەریی

نیچەکەی دولۆز لەگەڵ هزری کۆچەرییدا یەکدەگرێتەوە.ئەم یەکگرتنەوەیە دولۆز دێنێتە سەر خەت. وادەکات دولۆز لە نیچەدا جۆرە گەرۆکییەکی فەلسەفیی ببینێتەوە،ئەوەش دەکات بە بناغە بۆ دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە. دولۆز لە شیکاریی بۆ هزری کۆچەریی رێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ شیکارکردنی هزری نیچە. ئەمەش کاتێک روودەدات، کە دولۆز دوو کتێبە دیارەکەی لەسەر نیچە چاپکردووە و لە نێوەندی فەلسەفیی فەرەنسیش وەک نیچەخوازێک تەماشادەکرێت.دولۆز لە مانگی تەموزی ساڵی1972 لە ناوەندی ڕۆشنبیری Cerisy-la-Salle، بەشداریدەکات لە سیمپۆزیۆمێکی نێودەولەتی بە باسێک بەناوی "هزری کۆچەریی.سیمپۆزیۆمەکە بۆ شرۆڤەکردن و گفتوگۆکردنی کارەکانی نیچە تەرخاندەکرێت، لەگەڵ لێکدانەوەی شۆڕشگێرییانە بۆ ئەنتیتێز Antithesis و میتۆد و پراکتیکی فەلسەفی ئەم بیرمەندە ئەڵمانییە. جگەلە دولۆز زۆرێک لە فەیلەسوف و روناکبیرانی فەرەنسی لەو سیمپۆزیۆمە بەشداردەبن( کلۆسۆڤسکی، باتای، بارت و.....) و دواتر کۆنفرانسەکە بە دوو مەجلەد بەناوی نیچە ئەمرۆ؟ Nietzsche aujourd'hui? بڵاودەکرێتەوە(Sione, 2014, 1).

بابەتی"هزری کۆچەریی" دولۆز، لە هەمان سەردەمی بڵاوبوونەوەی کتێبی دژە ئۆدیپ L'anti-Œdipeدا نوسراوە، کە لە ناوەرۆکدا جەختکردنە لەسەر گرنگی جەوهەری فەلسەفەی نیچە و رەنگدانەوەی ئەم فەلسەفەیە لەسەر خودی فەلسەفە و مێژوو ئەوروپایی. دولۆز لە بابەتی"هزری کۆچەریی" دا هێما بۆ ئەوەش دەکات، کە : نیچە دەبێتە ‟سپێدەی کولتوورێکی دژ. نیچەکەی دولۆز چۆن ئەمە دەکات؟ ئەڵبەتە بە پێشنیارکردنی شێوازێکی بیرکردنەوەی تەواو نەبیستراو و نوێی، کە دابران لەگەڵ مێژووی پێشووی فەلسەفە و بیرکردنەوەی رۆژئاوا دروستدەکات (Ibid, 2). وێرای ئەوە، دولۆز سێ کەس دەکات سپێدەی کولتوری مۆدێرن: نیچە، فرۆید، مارکس. گرنگ نییە پێشومختە هەموو کەسێک لەوێ پووچەڵ بکرێتەوە. ڕەنگە مارکس و فرۆید سپێدەی کولتوری ئێمە بن، بەڵام نیچە بە تەواوی شتێکی ترە، سپێدەی دژە کولتوورێکە (Deleuze,2012 ).

سەرباری ئەوە، دولۆز پێیوایە،ئێستا ئەگەر نیچە سەر بە فەلسەفە نەبێت، ڕەنگە ئەوە بێت، کە یەکەم کەسە جۆرێکی تر لە گوتاری فەلسەفیی داهێناوە، کە دەکرێت ئەم گوتارە ناونرێت دژە فەلسەفە. واتە نیچە گوتارێکی کۆچەریی داهێنا(Ibid).هەر ئەمە نییە هیواخوازی دولۆز سەبارەت بە ئەندێشەی فەلسەفیی نیچە، ئەوەش،کە دولۆز دەخوازێت روبەری خوێندنەوەی نیچە فراوانکرێت. ئەمەش بۆ ئەوەی نیچە تەنها تایبەت نەبێت بە فەیلەسوفانەوە، بەڵکو بە هونەرمەند و مۆسیزیان و شانۆکارانیشەوە(Ibid,159). ئەوەش، کە فەلسەفەی نیچە توانای گونجانی لەگەڵ ئەو توێژانە هەیە بۆ سروشتی هزری نیچە دەگەڕێتەوە. ئەم هزرە بە شێواز و ڕێباز دابراوە لەگەڵ فەلسەفەی نەرێتیی و واش لە هزر دەکات ئامرازێکی جەنگاویی و هێزێکی کۆچەریی بێت. تەنانەت دولۆز ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە سەرقالبوونی ئەو توێژە بە نیچەوە هێمایە بۆ لەدایکبوونی ڕەگەزێکی نوێ لە خوێنەری کۆچەرئاسا( Ibid, 174). لەسەر ئەم بناغەیە بێت، بۆ دولۆز گرنگە بزانین: کۆچەرییەکان کێن؟ ئەوانەش کێن کە نیچەییەکانن؟(Ibid ) کەواتە،ئەگەر بپرسین نیچە ئەمڕۆ چییە یان دەبێتە چی، دەبێت بزانین لە کێ بپرسین. دەبێت قسە لەسەر ئەو گەنجانە بکەین، کە نیچە دەخوێننەوە، کە خەریکی دۆزینەوەی نیچەن. دولۆز ئەوەش دەڵێت ، کە ئێمە پیر بووین و گرنگە بزانین، گەنجێک لە ئێستادا چی لە نیچە دەدۆزێتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەوە نییە، کە نەوەی ئێمە دۆزییەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەوە نەبووە، کە نەوەکانی پێشووش دۆزیویانەتەوە(Ibid).هاوکات دولۆز

ئەوەشمان پێدەڵێت، کە ئەو سەر بە نەوەیەکە، کە سەرگەرمی مێژووی فەلسەفە بووە و دەشڵێت، کە لەناو فەلسەفەدا مێژووی فەلسەفە ڕۆڵێکی ستەمکارانەی ئاشکرای دەگێڕا( Deleuze, 1995, 5)،بەڵام دولۆز بەردەوام دەبێت لە وتن و ئاماژە بەوەش دەدات، کە ئەوە تەنیا نیچە بوو کە دواتر خوێندمەوە و منی لە گشت ئەو شتانە دەربازکرد، کە پێویستبوون.دولۆز ئەم دەربازبوونە دەبەستێتەوە بە جیاوازی نیچە و جیاوازییەکەی لەگەڵ فەیلەسوفەکانیتر(Ibid,6).

## بەشی سێهەم: سروشتی ویست بۆ دەسەڵات

لە هزری نیچەدا چەمکی ویست بۆ دەسەڵات سروشتی خۆی هەیە و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتێک و دەسەڵاتێکی دیکە دەبێت بەو ویستەی دەسەڵات خواستی لەسەرە. ئەم ویستە باس لەوە دەکات، کە هێزی دەسەڵات بزوێنەری سەرەکییە لە مرۆڤدا، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیێنێت، کە ئەم ویستە مەیلی بەرەو دەسەڵات هەیە و ئارەزووی زاڵبوون دەکات. هەروەها ئەم چەمکە لە کارەکانی نیچەدا بە شێوەیەکی سیستماتیک پێناسە نەکراوە و لێکدانەوەکەشی بە کراوەیی هێڵراوەتەوە(Leiter, 2021). مەبەستی نیچە لە ویست بۆ دەسەڵات هەوڵدان نییە بۆ دەسەڵات(Rölli, 2017, 24)، کە زۆرێک واتێگەیشتووە.کەواتە، دولۆزانە هزری نیچە سەبارەت بە ویست بۆ دەسەڵات ڕاڤەبکەین، دەڵێین ویست بۆ دەسەڵات دەسەڵاتی ناوێت(Deleuze, 2003). ئەڵبەتە بەکارهێنانی چەمکەکە لەلایەن نیچەوە دەتوانرێت بەو شێوەیەش کورت بکرێتەوە، کە بریتییە لە چارەنووسی خۆنووسین، چەمکی بەدیهێنانی ویستی مرۆڤ بەسەر خودی خۆی یان دەوروبەری خۆی و، چەمکەکەش زۆر هاوتەریبە لەگەڵ چەمکی خۆویستی( Leiter, 2021).

گومانی ناوێت، بۆ زۆرێک لە نیچەناسەکان هەندێک تێروانینی هەڵە سەبارەت بە ویست بۆ دەسەڵات هەیە، ئەڵبەتە دەستگرتنی نازییەکانیش بەسەر فەلسەفەی نیچەوە، دەکرێت بوترێت هەڵەکەی گەورەتر کرد و ئەمەش وایکرد چاوپۆشین هەبێت لەو جیاوازییەی نیچە دەیکات لە نێوان هێز (force/ Kraft) و دەسەڵات( power/ Macht).هێز ئەو هێزە سەرەتاییەیە هەر شتێک، کە خاوەنی بێت دەتوانێت بەکاری بهێنێت، لە کاتێکدا دەسەڵات لە فەلسەفەی نیچەدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ باڵابوون و زاڵبوون بەسەر خودی خۆدا هەیە، کە ئامانجی ئاراستەکردنی هوشیاری هێزە بۆ مەبەستێکی داهێنەرانە (Golomb, 2002 ).

لێکدانەوەکانی دولۆز بۆ چەمکی ویست بۆ دەسەڵات و چەمکە نیچەییەکانیتر ئەوەندە لە دەقەکانی نیچەوە دوور نیین ( Mollison, 2022, 450)، بۆیە لای دولۆز ویست بۆ دەسەڵات تیۆرییەکی گرنگە لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی نیچە. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە بەپێی بۆچوونە فەلسەفییەکانی نیچە دەسەڵات هەوڵدانە بۆ دەستگرتن بەسەر واقیع و بەکاربردنی ئەم واقیعە، بەڵام هەرچی ویستە بۆ دەسەڵات رەگەزێکی بنەچەناسییە، کە پەیوەندی دەسەڵات بە دەسەڵاتەوە دیاردەکات و جۆرێک لە دەسەڵاتیش بەرهەمدێنێت. بەم شێوەیە دەسەڵات لای نیچە پەیوەندی بە دەسەڵاتی ترەوە هەیە. هەر ئەم لایەنەشە، کە لە پشت ئەوەوەیە دەسەڵات لە روانگای نیچەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەبێت. کەواتە، ویست بۆ دەسەڵات لای نیچە بەپێی دولۆز ئارەزووی زاڵبوون نییە، کە زۆرجار ئەم لایەنە بەستراوەتەوە بە دیاردەی نازیزمیشەوە( Deleuze, 1983/1990, 24).هەروەها ویست بۆ دەسەڵات ویست نییە بۆ توانایی، ویستە بۆ خودی ویست، بۆ ئارەزوو(Ibid,59). بۆیە دولۆز بەو تێگەیشتنەی خۆیمان سەبارەت بە دەسەڵات ئاشنادەکات، کە نیچە پێویستە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیاری دەسەڵات دا تێبیگەین. هەر جارێک ویستی دەسەڵات بە"داوا یان بەدواداچوون بۆ دەسەڵات" لێکدەدەینەوە ڕووبەڕووی شتگەلێکی چەقبەستوو دەبینەوە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هزری نیچەوە نییە(Deleuze, 1983, xi).

دولۆز لە ڕێگای نیچەکەیەوە ئەوەش دەوروژێنێت، کە بێ مانایە بپرسین دەسەڵات چییە و نەزانین خودی ویست چییە. مێژووش، کە بریتییە لە گۆڕانی مانا، رەوتی یەك لە دواییەکی ئەو دەسەڵاتانەش پێکدێنێت، کە دەستیان بەسەر سروشتدا گرتووە، بەڵام پشکنینی بەردەوامی نیچە بۆ ئەوە بووە، کە بزانێت ویست چی دەوێت.

بەگشتی نیچە دژی ئەو ویستەیە بەدەست دەسەڵاتی کاردانەوەوەیە. چونکە دەسەڵاتی ناوبراو ئەو ویستەی،کە بەدەستییەوەیە بۆ مەبەستی خۆی بەکاریدەبات،بەڵام لای نیچە ویست بۆ دەسەڵات بۆ دەستگرتنە بەسەر خوودەوە(Nietzsche, 2006).

دولۆز ئەوەش ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە تێگەیشتنی نیچەکەی، کە دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوەی ویست بۆ دەسەڵات وەک "ویستی زاڵبوون" جێیباسە(Deleuze, 1983, 90-96). ئەمەش هاودەنگییە لەگەڵ بیرکردنەوەی فەلسەفیی باتای سەبارەت بەم لایەنە، کە ویست بۆ دەسەڵات دژایەتی ویستی فاشیستییە بۆ زاڵبوون( Ibid, 59, 96). دولۆز لەڕێگای خویندنەوەی هزری نیچە لەمەڕ دەسەڵات و ویستی ئەم دەسەڵاتە بۆ دەسەڵات ئاماژە بەوەش دەکات، کە دەسەڵات ئەوەیە، کە ویست دەیەوێت(Ibid, 96).ئەم دەسەڵاتەی دولۆز ڕاڤەیدەکات ئەو دەسەڵاتەیە، کە لەناو ویستدا بوونی هەیە. دولۆز ویست بۆ دەسەڵات وەک توخمێکی بنەچەناسی هێز force تەماشادەکات(Ibid,50-51).هەرچی نیچەکەی دولۆزە بنەچەناسی وەک ڕێگایەکی فەلسەفیی بۆ ڕاڤەکردنی بنەچەی ڕاستی و بەهاکان بەکاردەبات.

سەرباری ئەوە، نیچەکەی دولۆز، لە بواری تیۆری دەسەڵات دا، بە دووی ئەو دەسەڵاتانەدا وێڵە زانین بەرهەمدێنێت و پرسیاری ئەوەش دەوروژێنێت، کە کێ بەرهەمهێنەری زانینە. گەر بەپێی ویست بۆ دەسەڵات بێت زانین بریتییە لە دەسەڵات. دۆزەرەوەی زانینیش، کە بە دوای ڕاستیدا وێڵە ڕەوشتی تایبەت بە زانست بەرهەمدێنێت(Ibid). بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت زانست جێگای ڕەوشت دەگرێتەوە و ئەم ڕەوشتەش، کە زانین و زانستی نوێیی لە پاڵە وادەکات زانین و زانست ببێتە ئایینی نوێ. لێرەوە نیچە لە هەوڵە فەلسەفییەکانیدا بۆ ڕوونکردنەوەی ویست بۆ دەسەڵات کار بۆ کۆتایهێان بە بەمێتافیزیك دەکات(Nietzsche, 1987)، ئەمەش ئەو پرۆژەیەیە، کە بیری ڕۆژئاوای داگیرکردووە. هەر تایبەت بە بابەتی ویست بۆ دەسەڵات نیچە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئایین و ئەو دەسەڵاتەش دەکات، کە ڕێگا بە ئایین دەدات ڕۆڵی سەروەری و ڕابەرایەتی ببینێت. ئایین بۆ نیچە، کە چەند دەسەڵاتێك خزمەت دەکات یەك مانای نییە. هەر لەژێر سایەی ئەم جۆرە دیدانەدا نیچە بەدووی ئەو دەسەڵاتانەشدا وێڵە،کە پەیڤی وەك باشە/خراپە، ڕاستی/درۆ، جوانی/ناشیرینی و چەندین دوانەییتر بەرهەمدێنن(Nietzsche,2005). نیچە لەم بارەوە ئەوەشمان یاد دەخاتەوە، کە باشە و جوانی و ڕاستی ئەو چەمکە ڕەوشتییانەن خواوەندەکان بەرهەمیانهێناوە تا زۆربەی پێفریوو بدەن. بەبێ هیچ ڕاڕاییکیش نیچە پێمان رادەگەێنێت، ئەم جۆرە ڕەوشتە سەرچاوە لە ڕۆشنبیریی سوکرات-مەسیحییەتەوە هەڵدەگرێت(Делез,2003).

ویست بۆ دەسەڵات لای نیچەکەی دولۆز لە ڕووبەرێکی تەسکدا نامێنێتەوە و پەلدەهاوێت بەرەو تێزێکی تری نیچە بەناوی تیۆری مرۆڤی باڵا. بەپێی ڕوانگەی فەلسەفی نیچە گشت سیستەمەکانی ڕەوشت بۆ ئەوە بەکاردەبرێن، کە مانا بە ژیان بدەن. نیچە، کە باوەڕی بە ڕەوشتێکی دیاریکراو نییە. ڕەخنەکانی بە بەردەوام لە ڕەوشت بە مەسەلەی ئایینەوە دەبەستێتەوە. هاوکات نیچە بۆچوونیشی سەبارەت بە ئایین بەزۆری ئاڕاستەی ئایینی مەسیحی کردووە و ئایینی ناوبراوی بە ئایینی لاوازەکان و ڕەوشتی مەسیحیشی بە ڕەوشتی کۆیلەکان زانیوە(Hansson,2011). خولقێنەری تیۆری مرۆڤی باڵا حەز بە چارەی مرۆڤی لاواز ناکات و مرۆڤی باڵاش دژ بە مرۆڤی لاواز(کۆیلە)بەکاردەبات،چونکە مرۆڤی لاواز لە ڕوانگای فەلسەفیی نیچە ئەو مرۆڤەیە، کە ناتوانێت مانا بە جیهان بدات. بەپێی ئەم تیۆرە بێت، مرۆڤی باڵا بنەچەیەکی ئاری هەیە. ئەم مرۆڤە ئارییە ئازاد و بە توانا و مەغرورە و ویست بۆ دەسەڵاتیش پیادەی دەکات. بە کورتی دەکرێت بوترێت ئەم جۆرە مرۆڤە سەرووی یاسا و ڕەوشتەکانی کۆمەڵە. لەو جۆرە مرۆڤە باڵایانەش، کە سەرووی کۆمەڵ بوونە (ناپلیۆن و ئەسکەندەری گەورە)مان بە نموونە بۆ دێنێتەوە. ئەوەی زۆر سەرنجراکێشە تایبەت بەم تیۆرە ئەوەیە، کە مرۆڤی باڵا ڕەوشتی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم ڕەوشتەش بەهۆی ویستی هێز پێکدێت، نیچەش، کە هیچ ڕەوشتێک بە کامڵ نازانێت داوا دەکات، کە ڕەوشتی خۆی دروستکات(Strauss,2005).

## بەشی چوارەم: سرودی گەڕانەوەی هەمیشەیی

سرودی گەڕانەوەی هەمیشەیی Eternal Return سرودێکی نیچەییە و بیری فەلسەفی ڕۆژئاواش تا ئەمڕۆ لە شێوازی قووڵی نیچە لە بەکاربردنی ئەم چەمکە دەکۆڵێتەوە. زۆرێک لە توێژەران لە مەڕ هزری نیچە دەپرسن، چەمکی گەڕانەوەی هەمیشەیی چ چەمکیکە و ج هزرێکی لەپشتەوەیە؟( Pearson, 1997,64).

دولـــۆز، کە نـــیچە بە داهێـــنەری چەمکـــی گەڕانەوەی هەمیشـــەییە دەزانێـــت، پێیـــوایە گەڕانەوەی هەمیشەیی جیاوازییە( Deleuze, 2012 81-91 ,) و ڕەتیشـــیدەکاتەوە، کە گەڕانەوەی هەمیشەیی بازنەیەک بێت هەمان گەڕانەوە ئەنجام بـــدات(Deleuze,1983,xi).لێـــرەوە دولـــۆز بەئاگامانـــــدێنێت لە بەهەڵە تێنەگەیشـــــتن لە گەڕانەوەی هەمیشـەیی نـیچە و جەختلەوەدەکـات، کە گەڕانەوەی هەمیشەیی گەڕانەوە نییە بۆ هەمان شـت، دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی ئەوە نیـیە، کە هەیە، تەنـــانەت دولـــۆز گەڕانەوەی هەمیشـــەیی وەک تێگەیشـتنێکی نیچەییـانە تەماشـادەکات دژ بە فەلسـەفەی ئەفلاتـون و هێگـل. سـەرباری ئەوە، تێگەیشتنەکە لە بیری فەلسەفی نیچەدا بەگشتی و لە بەرهەمـی "ئـاوادوا زەرادەشـت" دا بەتـایبەتی گرنگیەکـــــــی بـــــــێ ســـــــنووری هەیە(Nietzsche,2008).ئەوەی لێـرەدا سـەرەکییە ئەوەیە،کە هـۆی بـوونی گەڕانەوەی هەمیشـەیی سـەرهەڵدانی زەرادەشـتە، کە ئەویـش بـاوکی مرۆڤـی بـاڵایە. هەر تـایبەت بەم لایەنە، دولـۆز ئامـــاژە بەوە دەکـــات، کە لە کتێبـــی "ئـــاوا دوا زەرادەشت"دا، نـیچە دوو جـار ڕەتیـدەکاتەوە، کە "گەڕانەوەی هەمیشـەیی بـازنەیەکە، کە هەمـان گەڕانەوە ئەنجام دەدات" ,Deleuze,1983, ix–xii (4, 15, 151).

زەرادەشت باس لە گۆڕانکارییەکان metamorphose ی ڕۆح دەکات: وشتر دەبێتە شێر، کە لە بەرامبەردا دەبێتە منداڵ. وشتر دەستبەرداری بەها کۆنەکان و بیرۆکە بەستووەکان دەبێت. شێر ئەژدیهاکە دەکوژێت (بیرۆکەی باوی کۆن)، منداڵەکەش بە بێتاوان دەژی؛ لەبیری دەکات، لێی خۆش دەبێت، دەستپێدەکاتەوە، بۆ ویستی خۆی، بۆ جیهانی خۆی؛ گۆڕانکارییەکان تەواون: بازنەکە داخراوە. ژیانی دوای مردن بوونی نییە، هیچ شوێنێکی کۆتایی بەهەشت نییە، ژیان دۆلۆزانە بدوێین "کۆچەرگەرای" Nomadologyیە،ژیان گەڕانەوەی هەمیشەییە بۆ گۆڕانکاری. بۆیە بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەیی تاقیکردنەوەیەکە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: تۆ دەتەوێت وەک چی بژیت؟ وەک وشترێک، یان شێرێک، یان منداڵێک، کە لە سەرەتاوە دەستپێکات؟( Hansson, 120)

گەڕانەوەی هەمیشەیی، کە لە فەلسەفەی نیچەدا شیعرگەراییەکی تایبەتی خۆی هەیە و سەرچاوەکەشی هێراکلیتسە، ئەوەمان بۆ سانا دەکات، کە چرکە ساتەکانی ژیان شتێکی سەرپێیی و بەسەرچوو نین، بەڵکو هەمیشەیی و نەمرن. واتە ئەوەی لەمەوبەر روویداوە لە ئێستا و لە ئایندەدا روودەداتەوە، ئەم دیدەش دژی دیدی مێتافیزیکییە بۆ ژیان،چونکە دیدی مێتافیزیکی بۆ ژیان پێیوایە شتەکان لە کۆتایهاتندایە. بەمجۆرە، گەڕانەوەی هەمیشەیی چیتر مانای هەمان ئاراستە نییە(Deleuze, 2012 , 81-91).

نیچەکەی دولۆز بە روونی ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەم ژیانە وەک ئەوەی ئێستا دەژیت و ژیاویت دەبێت جارێکی تر و جارێکی تر و بێشومار بیژیتەوە؛ هیچ شتێکی نوێی تێدا نابێت، بەڵکو هەموو ئازارێک و هەموو خۆشییەک و هەموو بیرکردنەوە و ئاهێک و هەموو شتێکی بچووک یان گەورە لە ژیانتدا کە ناگوترێت، دەبێت بە هەمان یەک لە دوای یەک و ڕیزبەندی بۆت بگەڕێتەوە.....( Nietzsche, 2001, 341).

وێرای ئەوە،بەپێی خوێندنەوەی بوونگەرایی بێت، بیرکردنەوە لە گەڕانەوەی هەمیشەیی ناچارمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە، کە چۆن دەبێت بە شێوەیەکی دروست بژین( Spinks,2015). ئەمە ئەوەشمان پێدەڵێت، کە نیچە هەموو بەهاکان هەڵدەسەنگێنێتەوە بۆ ئەوەی ژیان خۆی دووپات بکاتەوە، بۆ زاڵبوون بەسەر هەست و سۆزدا، بۆ ئەوەی فەلسەفە و زانست شل بکاتەوە و فێری ئەوە بێت ژیان وەک شتێکی تراژیدی لە باوەش بگرێت: لێشاوێکی بێ بناغە، بوونێکی ڕاستەقینە، گەڕانەوەیەکی هەمیشەیی. هاوکات بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی نیچەکەی دولۆز تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی واتە بوون. ئەم بوونە هەڵبژێرەییە sélectif، و بە واتای

جیاوازی دێت(Deleuze,1983, 198).بەپێی ئەوە، گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆ بەرهەمهێنانی جیاوازی و جۆرە فەلسەفەیەکە، کە بە ئاسانی نیشتەجێ نابێت، کە کۆچەر و گەڕۆکە. بۆیە خوێندنەوەی ئۆنتۆ ڕەوشتیانەی onto-ethical دولۆز بۆ چەمکی گەڕانەوەی هەمیشەیی نیچە، کە خوێندنەوەیەکی وردە (MacLaggan, 2014)، هەوڵدانێکیشە بۆ دەربازکردنی ئەم چەمکە لەو لێکدانەوە هەڵانەی بۆیکراوە. دولۆز پێیوایە گەڕانەوەی هەمیشەیی بەقەد ویست بۆ دەسەڵات بە هەڵەتێگەیشتن لەبارەیەوە کراوە( Deleuze, 2003).

وێڕای ئەوە، لی سپینکس Lee Spinks لەمیانەی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی دولۆز لە کتێبی"جیاوازی و دووبارەکردن" فێری ئەوەمان دەکات، کە هەر جیاوازییەک هێزێکە بۆ جیاوازی، هیچ ڕووداوێکی جیاواز زەمینە، یان هۆکاری هیچ شتێکی دیکە نییە. لەگەڵ هەر ڕووداوێکی جیاوازدا ژیان دەگۆڕێت؛ژیان دەبێتە شتێکی جیا لە خۆی، چونکە ژیان جیاوازییە. لە ئەنجامدا تاکە 'شتێک'، کە 'هەیە' جیاوازییە، هەر دووبارەبوونەوەی جیاوازی جیاوازە. تەنها جیاوازی دەگەڕێتەوە، و بۆ هەمیشەش دەگەڕێتەوە. کات ئەوەیە، کە لە جیاوازییەوە دێتە ئاراوە(کات جیاوازییە)؛جیاوازی ناتوانرێت لە کاتدا بدۆزرێتەوە. بۆیە گەڕانەوەی هەمیشەیی بیرۆکەی کۆتاییە( Spinks,2015).

چۆن بوون دەبینین و بۆچی پێویستیمان هەیە هەست بکەین، کە ئەم بوونە بوونی هەیە؟ ئایا کۆمەڵە شتێکی کۆکراوەن(سەرەتا، کۆتایی، هێراکلیتۆس)یان ئەم بوونە وەک ڕووبارێکە، کە دوو جار هەنگاوی لێ نادرێت، چونکە هەرگیز وەک یەک نییە، ئایا بوون نابوونێکە کە بەردەوام دەبێت، یان ئایندەیەکی بێ کۆتایی؟ بۆیە گەڕانەوەی هەمیشەیی بیرۆکەیەکە لەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش واتای شێوازێکی نوێی بینین و بیرکردنەوە و پرسیارکردنە(Hansson,2011,21).

سەرباری ئەوە،دولۆز بانگەشەی ئەوەش دەکات،کە لە ناو و لە ڕێگەی گەڕانەوەی هەمیشەییەوە نکۆڵیکردنnegation وەک کوالیتیی ویست بۆ دەسەڵات خۆی دەگۆڕێت بۆ دووپاتدەکاتەوەaffirmation ، دەبێتە دووپاتکردنەوەی خودی نکۆڵیکردن، دەبێتە هێزێکی دووپاتکردنەوە( Mollison, 2023, 85).کاتێکیش نکۆڵیکردن دەبێتە دووپاتکردنەوە، ئازارەکەی دەبێتە چێژ( Hansson, 2011, 24).دولۆز لەم بارەوە دەڵێت: تەنها گەڕانەوەی هەمیشەیی دەتوانێت هیچگەرایی تەواو بکات،چونکە نکۆڵیکردنnegationدەکاتە نکۆڵیکردن لە هێزە کاردانەوەکان reactive forces (Mollison, 2023, 84).بۆیە گەڕانەوەی هەمیشەیی قورسترین بیرکردنەوەیە،خاوەنی توانای ڕزگارکردنی مرۆڤە لە دۆزەخی هیچگەرایی(Hansson, 23 ) .تەنانەت نیچەکەی دولۆز بەخۆشی، لە "ویست بۆ دەسەڵات"دا،گەڕانەوەی هەمیشەیی بە توندترین شێوەی هیچگەرایی (Nietzsche, 1968, 55) وەسف دەکات.

## دەرئەنجام

1. هێنانەناوەوەی چەمکەکانی مانا و بەها بۆ ناو فەلسەفە کارێکی نیچەییانەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر تیۆری بەهاکان داناوە و دولۆزیش لەوبارەوە شیکاریی وردی بۆکردووە.ئەم هێنانەناوەوەیە ڕاستە بۆ تێپەڕاندنی ڕەوشتی لاواز و مێتافیزیکە، لێ تەقەلایەکیشە بۆ گۆڕینی خودی مێتافیزیک بۆ بنەچەناسی و هێنانەکایەوەی فەلسەفەیەکی ڕەخنەگرانەی یاخی. وێڕای ئەوە، بنەچەناسییەکەی نیچە کاریگەریی لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی بە گشتی و فەلسەفەی دولۆز بە تایبەتی دانا.
2. بایەخەکانی نیچەکەی دولۆز بۆ ئەوە بووە، کە ئامانجی فەلسەفە بکرێت بەوەی بیر لە هیچگەرایی بکاتەوە.ئەم داوایەی نیچە لە گوتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا ڕێگای نوێی خستە ناو بیری فەلسەفی ڕۆژئاواوە. شیکردنەوە فەلسەفییەکانی نیچەخوازانیش، لەوانە دولۆز، بەو کۆششە لە قەڵەم دەدرێت، کە لەلایەك بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی هیچگەراییە و لەلایەکیتر بۆ پشکنین لە ئاسۆ و ئەرکەکانی گوتاری فەلسەفیی نیچە.
3. تەواوی فەلسەفەی نیچەکەی دولۆز هەوڵێکە بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی بەهاکان،یان هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان.لێرەوە فەلسەفەیەکی تر لەدایکدەبێت، کە خۆی نابەستێتەوە بە چەمکە

گەورەکان(بوون، ڕاستی، عەقڵ، زانین)، کە پارێزەری پرۆژەی مێتافیزیکی ڕۆژئاوا بوونە.

4. خوێندنەوەکەی دولۆز بۆ نیچە، کە شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی دولۆزی بۆ گفتوگۆکردنی راستی و عەقڵ و شارستانی رۆژئاوایی گۆری، سەرەتایەکیشی بۆ دامەزراندنی فەلسەفەی جیاوازی لای دولۆز دانا.

5. لەمیانەی دووبارە خوێندنەوەی دولۆز بۆ نیچە ئەوەمان لابەرجەستەبوو،کە خوێنەری کارە فەلسەفییەکانی نیچە درك بەوە دەکات، کە تیۆری رەخنەیی نیچە دژی تیۆری رەخنەیی گەلێک لە بیریارانی پێش خۆی بووە (ئەفلاتون، دێکارت، کانت، هێگل، داروین، شوپنهاوەر،...)و ئەم تیۆرە پێشبینییەکی فەلسەفیی قووڵیشی تایبەت بە سروشتی فەلسەفیی رۆژئاوا دارشتووە. ئەم دژایەتیکردنەش لەسەر ئەو بناغەیە بووە، کە تیۆری رەخنەیی دەبێت واز لەوە بهێنێت، کە رەخنە ئاڕاستەی شتی باو و دیار بکات و لە بڕی ئەوە دەبێت ئەرکی ئەوە بێت، کە بۆ بنەچەی شتەکان بگەڕێتەوە. ئەڵبەتە، هەر ئەم لایەنەش لەپاڵ ئەو لێکدانەوانەوەیە، کە لەم دوادوایەدا بیریارانی رۆژئاوا سەبارەت بە فەلسەفەی نیچە، کە فەلسەفەیەکی فرە دید و ئاقارە، ئەنجامیانداوە.

6. خوێندنەوەی فەلسەفییانەی دولۆز بۆ نیچە رێگای نوێیی بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفیی داهێنا. بەشێکیش لەو داهێنانە پەیوەندی بە روونکردنەوەکانی دولۆزەوە هەیە بۆ چەمکی گەرانەوەی هەمیشەیی، مرۆڤی باڵا، هیچگەرایی و ویست بۆ دەسەڵات.

7. کاریگەریی دولۆز لەسەر نیچە دوانەییە. لەلایەک کاریگەرییەکە داهێنانی لەناو فەلسەفەی دولۆز دروستکرد، لەلایەکیتر مامەڵەی دولۆزی لەگەڵ فەلسەفەی مێژوو هەستیارترکرد.ئەمەش وایکرد دۆزینەوەی مانا بۆ فەلسەفە لە رێگای نیچەوە پێویستتربێت.

## سەرچاوەکان


Bolanos , Paolo A (2005).On Affirmation and Becoming: A Deleuzian Introduction to Nietzsche's Ethics and Ontology. Brock University.

Deleuze, Gilles (1983). Nietzsche and Philosophy. New York: Columbia University Press.

Deleuze, Gilles(1990). Nietzsche, P.V.P, Paris .

Deleuze, Gilles (1995). Negotiations, 1972–1990, Martin Joughin (trans.) (New York: Columbia University Press.

Deleuze, Gilles(2003) . Nietzsche och filosofin, övers. Johannes Flink, Daidalos, Göteborg. ,

Deleuze, Gilles (2004). Difference and Repetition. London: Continuum

Deleuze ,Gilles; Félix Guattari(2005). Qu'est-Ce Que la Philosophie?, Paris, Minuit.

Deleuze ,Gilles (2012) .Pensée nomade (colloque « Nietzsche aujourd'hui ? ») / Publié le 17 septembre .
http://lesilencequiparle.unblog.fr/2012/09/17/pensee-nomade-colloque-nietzsche-aujourdhui-gilles-deleuze/

Deleuze, Gilles(2002).Pensée Nomade, dans l lle déserte et autres textes : textes et entretiens 1953-1974, les éditions de minuit, pp 351-364.

Deleuze, Gilles (2012). Entretien avec Philosophie magazine ;numéro 61 ; pp :81- 91.

Deleuze, Gilles (2014). Nietzsche, Paris, Presses universitaires de France, impr.

Golomb, Jacob (2002). Nietzsche, Godfather of Fascism? On the Uses and Abuses of a Philosophy.

Grace , Wendy(2014). Foucault and Deleuze: Making a Difference with Nietzsche. University of Western Australia. 2014. Foucault Studies, No. 17, pp. 99-116, April.

Gutting , Gary(2013). Thinking the Impossible: French Philosophy Since 1960. Oxford University Press.

Hansson , Mats (2011). Den eviga återkomsten: tankarnas tanke, den store befriaren. Lund universitet .

Herngren , Per(2008). Deleuze, Nietzsche & postprotest .
https://ickevald.net/perherngren/deleuzenietzscheLeiter, Brian (2021), "Nietzsche's Moral and Political Philosophy", in Zalta, Edward N. (ed.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Summer 2021 ed.(.

Lundberg, Johannes(2022). Genealogi og genkomst: Forandringens paradoks hos Nietzsche.
https://paradoks.nu/2022/03/29/genealogi-og-genkomst-forandringens-paradoks-hos-nietzsche/

MacLaggan , Michael James(2014). Three Readings of the Eternal Return.
https://digitalcommons.lsu.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1860&context=gradschool_theses

Mollison ,James (2022). Deleuze's Nietzschean Mutations: From the Will to Power and the Overman to Desiring-Production and Nomadism. Deleuze and Guattari Studies 16.3: 428–453.
https://philarchive.org/rec/MOLDNM-4

of Life. Dans Revue internationale de philosophie /3 (n° 241), pages 245 -259
https://www.cairn.info/revue-internationale-de-philosophie-2007-3-page-245.htm
Rölli, Marc(2017). Deleuze as a Theorist of Power. Academy of Fine Arts Leipzig, Germany: Coils of the Serpent 1: 19-29.
https://ul.qucosa.de/api/qucosa%3A15740/attachment/ATT-0/#:~:text=In%20a%20paradoxical%20formulation%20Deleuze,of%20representation%20(power%203.(
Schrift, Alan(1995). Nietzsche's French Legacy: A Genealogy of Poststructuralism Routledge.
Schrift, Alan (2009). Twentieth-Century French Philosophy: Key Themes and Thinkers. John Wiley & Sons.
Schrift, Alan (2010) . The History of Continental Philosophy. Routledge.
Sione, Matteo(2014). BARTHES ET NIETZSCHE : UNE « PENSEE NOMADE.«
https://philosophia-bg.com/archive/philosophia-82014/barthes-et-nietzsche-une-pensee-nomade/
Spinks ,Lee(2015). The Deleuze dictionary: eternal return. The Deleuze Dictionary. Revised Edition. Edited by Adrian Parr. https://gilles_deleuze.en-academic.com/54/eternal_return
Strauss ,David (2005). Bekännaren och skriftställaren, översättning: Jonas Asklund och Svenja
Blume, Samlade skrifter Band 2, Stockholm.
Делез ,Жиль(2003). Ницше и философия. Москва : Ад Маргинем.
Mollison ,James(2023). Gilles Deleuze’s Interpretation of the Eternal Return: From Nietzsche and Philosophy to Difference and Repetition. In Robert Luzecky & Daniel W. Smith (eds.), Deleuze and Time. Edinburgh University Press. pp. 75-97. https://philarchive.org/rec/MOLCG
Nietzsche, Friedrich(1968).The Will to Power, trans. Walter Kaufmann and R. J. Hollingdale, New York:
Vintage.
Nietzsche, Friedrich(1987) .Den glada vetenskapen, Göteborg.
Nietzsche, Friedrich(2000) .Tragedins födelse, översättning: Martin Tegen, Samlade skrifter Band 1, Stockholm.
Nietzsche, Friedrich(2001) .The Gay Science, trans. Josefine Naukhoff and Adrian Del Caro, Cambridge:
Cambridge University Press.
Nietzsche, Friedrich(2005). Fem företal till fem oskrivna böcker, översättning: Nikanor Teratologen, Samlade skrifter Band 2, Stockholm.
Nietzsche, Friedrich(2006). On the Genealogy of Morality, trans. Carol DIETHE (Cambridge & New York, Cambridge University Press, 1994, second, revised edition.
Nietzsche, Friedrich(2008) .Thus Spake Zarathustra, översättning: Thomas Common, (okänd ort. (
Nietzsche, Friedrich . Så talade Zarathustra. Modernista , översättning Tage Thiel. Ebook.
https://www.google.iq/books/edition/S%C3%A5_talade_Zarathustra/n1aRDwAAQBAJ?hl=en&gbpv=0
Pearson, Keith Ansell(2007). Overcoming the Weight of Man : Nietzsche, Deleuze, and Possibilities

**نيتشه دولوز: إيجاد معنى للفلسفة من خلال نيتشه**


**الخلاصة**

نيتشه دولوز هو نيتشه الذي تتماشى فلسفته مع تطلعات دولوز الفلسفية ولها مكانة بارزة في الفكر المعاصر. هذا المكان ، الذي يدور حول كيفية إيجاد معنى للفلسفة ، كان أيضًا فاعلاً في مواجهة الفلسفة والثقافة الغربية. نعني بـ نيتشه دولوز ، نيتشه الذي اخترعه دولوز لنفسه من خلال إعادة قراءة فلسفة نيتشه ، والذي وجد معنى جديدًا للفلسفة. لا يرتبط هذا المعنى فقط بنصوص نيتشه الفلسفية ، المليئة بالصرامة ، والذوق للتعبير ، والقدرة على المعارضة ، عدم جعل الحقيقة الهدف الرئيسي للفلسفة ، ورفض المنطق والنظام ، ولكنه أيضًا مرتبط بالقراءات الفلسفية لفكر هذا المفكر الألماني . الأبرز بالطبع هنا هو قراءة دولوز الفلسفية لنيتشه ، والتي تبرز فلسفة مختلفة وغير قابلة للتكرار في نصوص نيتشه .

توصلنا في هذا البحث إلى عدة استنتاجات ، أهمها أن الدراسة كانت محاولة لقراءة قراءة دولوز لنيتشه ، التي غيرت طريقة تفكير دولوز الفلسفية ، وأرست الأساس لتأسيس فلسفة مختلفة. وهكذا ، في هذاالبحث ، وظهر أن نيتشه دولوز ، أخذ يبني فلسفته على أساس المأساة ويجعل الانفصال عن الديالكتيك أساسًا لخلق فلسفة مختلفة عما كان موجودًا قبله. وللقيام بذلك ، ستحتاج الدراسة إلى تضمين شرح لنصوص نيتشه الفلسفية. في الوقت نفسه ، فإن نيتشه دولوز هو قراءة لنيتشه وبحث عن الأشياء الفكرية التي يمكن رؤيتها في أعمال نيتشه الفلسفية، بما في ذلك عمل الفلسفة ، والعلاقة بين المعنى والقيمة ، والإرادة ، والرغبة ، إلخ. لذلك نسأل: كيف يمكننا أن نفهم مكانة نيتشه دولوز؟ ما نوع القضايا التي يقودها هذا النوع من نيتشه ؟ المحاولة لإيجاد المعنى في الفلسفة ؟ للإجابة عن هذه الأسئلة ، سنركز على ثلاثة موضوعات ذات مغزى في فكر نيتشه : إرادة القوة ، العود الأبدي ، والعدمية .


**الكلمات المفتاحية :** نيتشه ، دولوز ، المعنى ، الفلسفة ، إرادة القوة ، العدمية ، العود الأبدي .

# DELEUZE'S NIETZSCHE: FINDING MEANING FOR PHILOSOPHY THROUGH NIETZSCHE

AZAD HAMA ABDULLA
Dept. of Kindergarten, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region-Iraq

## ABSTRACT

**Nietzsche Deleuze is Nietzsche whose philosophy is in line with Deleuze's philosophical aspirations and has a prominent place in contemporary thought. This place, which is about how to find meaning in philosophy, was also instrumental in confronting Western philosophy and culture. By Nietzsche we mean Deleuze, Nietzsche who Deleuze invented for himself by re-reading Nietzsche's philosophy, and who found a new meaning in philosophy. This meaning is not only related to Nietzsche's philosophical texts, which are full of rigor, flair for expression, and the ability to oppose, not making truth the main goal of philosophy, and rejecting logic and order, but it is also linked to the philosophical readings of the thought of this German thinker. The most prominent, of course, here is Deleuze's philosophical reading of Nietzsche, which brings out a different and unrepeatable philosophy in Nietzsche's texts.**

**In this research, we reached several conclusions, the most important of which is that the study was an attempt to read Deleuze's reading of Nietzsche, which changed Deleuze's philosophical way of thinking, and laid the foundation for establishing a different philosophy. Thus, in this research, and it appeared that Nietzsche Deleuze, he built his philosophy on the basis of tragedy and made the separation from dialectics a basis for creating a philosophy different from what existed before him. To do so, the study would need to include an explanation of Nietzsche's philosophical texts. At the same time, Nietzsche's Deleuze is a reading of Nietzsche and a search for intellectual objects that can be seen in Nietzsche's philosophical works, including the work of philosophy, the relationship between meaning and value, will, desire, etc. So we ask: How can we understand the position of Nietzsche Deleuze? What kind of issues does this type of Nietzsche lead? Trying to find meaning in philosophy? To answer these questions, we will focus on three significant themes in Nietzsche's thought: the will to power, eternal return, and nihilism.**

***KEYWORDS:*** Nietzsche, Deleuze, meaning, philosophy, will to power, nihilism, eternal return